هەڵبژاردن لە نێوان نوێبوونەوە و دووپاتکردنەوەدا

هەرێم عوسمان

هەڵبژاردن واتە پێشبینی کردن بۆ گۆڕان، واتە ئومێد بۆ نوێبوونەوە. نوێ لە سیاسەتو روخسارو راستی سیاسیدا. هەڵبژاردن بەرپرسیاریەتو ئازارچەشتنە، لەبەرئەوەی تۆ دەتوانیت لە تاکێکەوە ببیت بە گشت. ئەم پێگەیە وەها پێویستە دەکات تاکەکان لە ئاست ئەم بەرپرسیاریەتە سەختەدابن. بە واتا هەڵبژاردن خەستبوونەوەو چڕبوونەوەیە. ئەو کەسەی هەڵدەبژێرێت(نوێنەر) دەبێتە گشتێک، واتە کۆیەک چڕ دەبێتەوە لە تاکێکدا، ئەو تاکە دەبێتە هەڵبژاردەی گشتێک. ئەو تاکە بە رووخسارێکەوە ئاماژە بۆ زۆرترین رووخسارو دەنگ دەکات. لەبەرئەوە دەبێت ئەو تاکەی دەنگی پێدەدرێت لە ئاست ئەو فرەییەدا بێت.

هەڵبژاردن هەمیشە پەیوەستە بە هۆکارەوە، تاکێک بۆ فڵان هەڵدەبژێرێتو فڵان لایەن فەرامۆشدەکات. بێگومان هۆکاری خۆی هەیە، لەبەرئەوە دەبێت دەسەڵاتی سیاسی و ئۆپۆسزیۆن خۆی بە هۆکاری شکستو سەرکەتن ببینێتەوە، ئەمە بۆ کەسیش هەر دروستە، کە نوێنەر دەبێتە نوێنەر یان شکست دێنێت. هاوکات دەبێت تاکی دەنگدەریش چاوەڕوانی هەمان شکست بکات، چونکە مەرج نییە ئەوەی ئەو دەنگی پێدەدات زۆرینەی دەنگ بێنێت. بەڵام دواجار ئەو کەسەی یان لایەنەی سەرکەوتن بە دەستدێنێت، دەبێتە نوێنەری ئەوانەش، کە ویستی شکستی ئەویان خواستووە، لەبەرئەوە کەسی نوێنەر یان کەسی سەرکەوتوو دەبێت سەرکەوتوو بێت، لەوەی هەستی نوێنەرێتی دژەکانیشی ببینێت، واتە چیتر نابێت بیر لە تۆڵەی دژەکانی بکاتەوە، دەبێت بیر لە بەرجەستەکردنی ئەرکەکانی نوێنەرێتی بکاتەوە، تا ئەو دژانەش کە خواستی شکستی ئەمیان ویستووە، جارێکی دی ببنە دۆستی. واتە نوێنەر ئەوەیە کە بتوانێت دژەکانیش بکاتە دۆست، دۆستایەتیش بەوە دەبێت، بەرپرسیارێتی نوێنەرێتی بە جێبێنێت.

یەکێک لە کێشەکانی هەڵبژاردنی سیاسی زۆرکات دیدێکی بەرژەوەندیخوازانەیە. کە زۆر ساکارانە دەشێت دەنگی کەس، دەنگی کەس نەبێت، دەنگێکی ئامادەو کڕاو بێت، واتە دەنگ دەشێت کاڵایەک بێت بۆ کڕین، دواجاریش کەسو مرۆڤە دەنگدەرەکان دەشێت خۆیان بفرۆشن، چونکە من خۆم هەڵدەبژێرم، بەڵام کاتێک لایەنێک دەنگم دەکڕێت ئەوا خۆم دەکڕێت. بەڵام هەڵبژاردن لە ئاستە سیاسییەکەدا کەمتر ئەم بەهایەی هەیە، واتە خۆی لە خۆیدا دەبێت ئەم بەهایەی هەبێت، کە کەسی دەنگدەر دەنگەکەی گوزارشتە لە بوونی، بەڵام لەبەرئەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک بە گشتی لاوازە ناتوانێت ئەم رووە قوڵەی هەڵبژاردن ببینێت، هەر لەبەرئەوەشە کە دەسەڵاتی سیاسی بە لێشواو شێوازی نوێ دەدۆزێتەوە، بیردەکاتەوە خەیاڵدەکات، چۆن داهێنان بکات، لە بردنی ئاگایی خەڵک بۆ لای خۆی، چۆن خەڵک وا لێبکات خۆشی بوێت، چۆن ئەو ڕقەی پێشتر بکات، بە خۆشەویستی، واتە چۆن بتوانێت، ئەو سۆزە بجوڵێنێت تا ببێتە دۆستمان. دەسەڵات هەوڵدەدات داهێنان لە بردنی خەیاڵی خەڵک بکات، هەستوسۆزو سەرنجمان ببات بۆ لای خۆی، چاومان تەنیا ئەو ببینێت. ئەو نەک تەنیا لە ئاستی هەستدا بەڵکو لە ئاستی دەرونیشدا کاردەکات بۆ ئەوەی رامانبکات. بە لێشاو شێوازی ریکلام دادەهێنێت، ئەوەی ئێمە مەیلی دەکەین ئەو دەیکات. ئەو هەوڵدەدات بە زمانی ئێمە و بە هەستی ئێمە دەرکەوێتو بێتە گۆ، تا زیاتر خۆمانی تێدا ببینینەوە. ئەو بە لێشاو خەڵکە زیرەکو خۆفرۆشو عەقڵ فرۆشەکە بە کاردێنێت تا هەستی ئێمە پێ راکێشێت، ئەوان بەرنامەی بۆ سازدەکەن، ئەوان هەستی ئێمەی بۆ دەگوێزنەوە تابتوانێت لە هەناوی ئێمەوە گوزارشت بکات، خەڵککەش سەرسام دەبن، کە چلۆن ئاگاداری هەستی ئێمەن!

خەڵکی ئێمە بەهۆی لاوازی هۆشیاریو بیرنەکردنەوەیانەوە نازانن چۆن دەنگدەدەن، نازانن چۆن بژاربکەن لە نێو چەند لایەنیکدا. ئێمە فێری بژارکردن نیین، بۆیە ناتوانن کردەی هەڵبژاردن بە باشی ئەنجامدەن. هاوکات ئایا ئەوانەی لەبەردەستماندان بەشێکیان یان هەموویان خراپن، واتە ئایا بشزانین بژاربکەین، ئایا ئەوەی

دەمانەوێت بژاری بکەین باشێکی تێدایە، کە ئێمە بتوانین لە نێو ئەو گشتەدا ئەو جیابکەینەوە هەڵیبژێرین؟ بە واتا لەنێو ئەم لایەنانەی کە خۆیان دەخەنە بەر دیدەمان بۆ ئەوەی بە ویژدانەوە بژاریان بکەین، لایەنێکی تێدایە کە ویژدانمان ئاسودەبکات، بڵێین ئەمە شایەنی ئەوەیە دەنگی بدرێتێ؟ بەڵام گەر لایەنەکان لە ئاست چاوەڕوانی خۆزگەی ئێمەشدا نەبن، بەڵام دواجار واقعەکە هەر ئەمانەی تێدایە چار چییە؟ دەبێت دەنگ نەدەین؟ بەڵام بیریشمان نەچێت دەنگنەدانیش دەنگدانە بە دەنگنەدان، واتە هەڵبژاردنی هەڵنەبژاردنە.

سیاسەتی کوردی بۆچی رۆژانە بانگەشەی گۆڕانی جەوهەری دەکات، بەڵام ئێمەی تاکی ئەم هەرێمە هەست بەم گۆڕانە ریشییە ناکەین؟. رووداوی نوێ، ئەوەیە هەڵگری راستییەکی تەواو نوێ بێت. سیاسەتی کوردی رۆژانە بانگەشەی ئەم رووداوو راستییە نوێیە دەکات، بەڵام بە کردەوە ئەمە نابینرێت. خەڵکی ئەم هەرێمە ئومێدیان لە ئۆپۆسزیۆن ئەوەبوو، کە رووداوێکی نوێیەو راستییەکی نوێی پێیە، بەڵام ئەم ئومێدە زۆرەمان شکستی هێنا. ئیستا لە سەرو بەندی نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردنەکانین، لە نێو بانگەشەو ریکلامەکاندا پێشبینی دەکەین، وەک هەموو جارەکانی پێشوو رووداوی نوێو راستی نوێ دەردەکەوێت، بەڵام ئەم رووداوو راستییانە تەنیا خەیاڵکرد دەبن، تەنیا لە چوارچێوەی بانگەشەو راوە دەنگدا دەبن. دەبێت تاکی ئێمە فێری ئاکاری هەڵبژاردن بێت، هاوکات سیاسەتی سیاسییەکانی ئێمەش دەبێت فێری ئەو رەوشتە ببن.

لەبەرئەوەی لە دۆخێکی نوێ نزیک دەبینەوە، دەبێت لایەنە سیاسیەکان بە ئاگابێنەوە لەوەی ئەوەی ئەوان سەرنجمانی پێ رادەکێشن، گەمە نییە، ژیانی مرۆڤە، نیشتیمانو بونمانە، دەبێت دەسەڵاتی سیاسی خۆی بە بەرپرسیار بزانێت لە ئاست ئەوەی کە خۆی بۆ ئامادە کردووە. دەبێت کۆشش بکەن، بۆ ئەوەی رووداوی نوێ سازبکەن، راستی نوێمان بۆ داهێنن، ئەو چاوەڕوانییەمان بۆ راستیو رووداوی نوێ تێر بکەن، مرۆڤی ئێمە لە هەڵبژاردندا چاوەڕوانی راستی نوێ دەکات، دەبێت، کەسی خۆپاڵاوتەو دەرچوو بزانێت لە بەردەم ئەرکێکی گراندایە، ئەرکی هێنانەدی راستیو رووداوی نوێ، خەونی نوێ.

خەڵکی ئێمە متمانە دەکات بە ئێوەی سیاسی بەڵام ئێوەی سیاسی زۆرکات لە ئاست ئەو متمانەیەدا نین، خەڵکی ئێمە خۆی دەسپێرێتەوە لەبەرئەوەی ئێوە دەرکەون، لەبەرئەوەی ئێوە بە خواستی خۆتانو بە دەنگی خەڵک بوونەتە ئەو کەسەی ئێمە دەمانەوێت لە بری ئێمە بن، واتە لەو شوێنەی ئێمەی لێنین، دەمانەوێت ئێوە وەک نوێنەری ئێمە ئامادەبن، بیرتان نەچێت کە نوێنەرن، بەڵام زۆرکات لە یادتان دەچێت!

لە زۆربادا دەبێت لۆمەی خەڵکەکە بکەین، لەبەرئەوەی خەڵکەکە ئەو ئاغایەیە نازانێت چۆن ئاغایەتی بکات، ئەو ئاغایەیە، کە ئاغایەتی خۆی بە کۆیلەیەتی دەدۆڕێنێت. واتە ناتوانێت بە ئاغایەتی بمێنێتەوە دەسەڵاتێک دەکاتە ئاغای خۆی. هاوکات نازانێت چۆن نە ببێتە ئاغا نە کۆیلە، بەوەی کە لە کردەی هەڵبژاردندا ورترو بە ویژدانترو بە ئاگاتر دەنگبدات، بزانێت ئەوە بوونی خۆیەتی، ئەو بوونی خۆی هەڵدەبژێرێت، چونکە ئەوەی دەنگی پێدەدات وەک ئاوێنە دەبێت، خۆی تێدا دەبینێتەوە.

دەسەڵاتی سیاسی چییە گەر خەڵک نەبێت؟ لەبەرئەوە دەسەڵاتە سیاسییەکان دەسەڵاتەکەیان لە خەڵکەوە وەرگرتووە، بەڵام لە زۆربادا خەڵک لەبەر نەزانیان شکست دەهێنن، سیاسییەکانیش لەبەر لادانیان لەو پەیمانە سەردەکەون، بەڵام سەرکەوتنێکی شکست لەخۆیا، واتە ئەو سەرکەوتنەی پڕە لە شکست. دەبێت سیاسییەکان کار بۆ ئەوە بکەن، سەرکەوتنێکی ویژدانی و داهاتووی بە دەست بێنن، نەک سەرکەوتنێکی کاتیو پڕ لە دۆڕان.

ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان نزیک دەبینەوە پێویستە هەم خەڵکی پریاردەرو هەڵبژێرەر هەم کەسی خۆ کاندیدکەرو پاشان هەڵبژێراو، لە ئاست ئەو متمانەو بەرپرسیارییەتە گرانەدابن.

وشیارانەو ناوشیارانە خەریکە هێواش هێواش چەمکی سیاسەت‌و کردەی سیاسی لەم هەرێمەدا گۆڕانی بەسەردا دێت، بەهای خۆی لەدەستدەدات، بەهایەکی ساختەی وەرگرتووە. هەر لە سیاسییەکانەوە بۆ نووسەرو میدیاکاران، لە کاردان بۆ شێواندنی تیۆری سیاسی‌و کردەی سیاسەتکردن. نووسەرەکانی ئێمە وەک سیاسییەکان تواونەتەوە لە کێشە ڕۆژانییەکانداو، وەفادارنەماون بۆ کێشە بنچینەییەکان، سیاسییەکانی ئێمە بێ چارەکردنی ئەو کێشەو مللانێیەی هەیە، کێشەی دی‌و ململانێی نوێ سازدەکەن‌و ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە ئەو پەلاماردانە سەرکوتکارانەی، کە فەرامۆشکراون، چەپێنراون، نابێت بازبدەین، دەبێت هۆشیارانە پەنجە بۆ برینە گەورەکان رابکێشین‌و بنەڕەتەکەی لە یاد نەکەین، چونکە هەر برینێکی فەرامۆشکراو و چارەنەکراوی رابردوو لە ئیستاو داهاتوودا دەرکەوتەیان دەبێت، خراپ خۆیان دەردەخەنەوەو دەبنە برینێکی بێ دەرمان، چونکە هێندە برینێکی کۆنە نازانین هەتوانەکەی دەبێت چی بێت.

لەبەرئەوە دەبێت بیرکردنەوەی و کردەی سیاسی لەم هەرێمەدا گۆڕانی ریشەیی بەسەردا بێت، هەتاوەکو ئەو دیدەی ئیستا خەریکە سازدەبێت بۆ بێمانایی‌و بێهیوایی لە سیاسەت بگۆڕێت، گۆڕانی دیدەکانیش بەرامبەر بە سیاسەت پەیوەستە بە گۆڕانی بیرکردنەوەو کردەی سیاسی، گۆڕانەکە وەک ئاوێنە وایە بۆ گۆڕانی دیدگاکە.